مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٢ حزيران ٢٠١٧: ص ص١٥٠- ١٧١
DOI: 10.21928/juhd.20170610.06, e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

# متمانەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ٢٠١١-٢٠١٣

م.د. هیوا مجید خلیل
بەشی زانستە سیاسییەکان
کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان
زانکۆی سەلاحەدین

م.د. مراد حکیم محمد
بەشی کۆمەڵناسی
کۆلێژی ئەدەبیات
زانکۆی سەلاحەدین

م.د. عبدالحکیم خسرو جوزل
بەشی زانستە سیاسییەکان
کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان
زانکۆی سەلاحەدین

## پوختە

متمانەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کەمتر لێکۆڵینەوەی لە بوارەوە ئەنجامدراوە. لەم توێژینەوەیەدا کە تایبەتە بە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو ٢٠١١-٢٠١٣، هەوڵدراوە لە متمانەی سیاسی لە دوو ئاستدا بکۆڵرێتەوە یەکەم لەسەر ئاستی دامەزراوە سیاسییەکانی وەکو پەرلەمانی کوردستان، حکومەت، دادگا و حزبە سیاسیەکان. لە ئاستی دووەم کەسایەتییە سیاسییە دیارەکانی هەرێمی کوردستان. لە راڤەکەماندا پشتمان بەستووە بە داتاکانی دەست دوو کە لە ٢٠١١-٢٠١٣ لە لایەن دامەزراوەکانی تایبەت بە توێژینەوە و راپرسی کۆکراونەتەوە. ئەو داتایانەش لەلایەن زیاتر لە دامەزراوەیەك و لە سنووری جوگرافی جیاواز و بە نموونەی قەبارە جیاوازەوە وەرگیراون. گەیشتینە ئەوەی کە فاکتەرەکانی بەخشینی متمانەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان خودی نوخبەی سیاسی و لە نێوان نوخبە و دامەزراوە سیاسییەکاندا جیاوازە. واتە هەمان فاکتەر بۆ دوو کەس یان زیاتر هەمان رۆڵی نییە لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی متمانەی سیاسی. هەروەها بەپێی داتاکان دەردەکەوێت لە هەرێمی کوردستاندا متمانە بە کۆی سیستەمی سیاسی کەمە. متمانەش بە سیستەم لە هەرێم وابەستەیە بە متمانە بە نوخبەی سیاسی و دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان.

* ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە لە چوارەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی / نیسان ٢٠١٧

**Abstract**

The Kurdistan region (KR) suffers from poor studies on the subject of political trust. This research aims to do this. The research investigates on the subject of political trust in the KR, at two levels in period of 2011-2013. Firstly, on the level of political institutions e.g. parliament, government, courts and political parties. Secondly, it addresses the salient political figures. To analyse, the available secondary data at mentioned period have been utilised, which collected by specialized organizations in conducting survey and public opinion. The data covers different geographical locations and variety of samples. The result is that the level of political trust is different between political elites o the one hand, and between political elites and political institutions, on the other. In other words, the same factor in giving trust to an elite or a political institution does not have the same impact or role to provide trust to another elite or institution. In addition, according to the results, in the KR, the trust to the whole political system is in a low level. The trust to political system depends on the trust to political elites, legislative and political institutions.

**الملخص**

هناك قلة من الدراسات الاكاديمية حول الثقة السياسية في اقليم كوردستان. هذه الدراسة تتناول الثقة السياسية بين اعوام ٢٠١١– ٢٠١٣ علي مستويين: علي مستوي المؤسسات السياسية مثل برلمان كوردستان وحكومة الاقليم والقضاء والاحزاب السياسية. وفي المستوي الثاني تتناول الدراسة الشخصيات السياسية البارزة في الاقليم. في تحليلنا للثقة السياسية اعتمدنا علي بيانات المؤسسات البحثية المختصة باستطلاعات الراي. هذه البيانات ماخوذة من مؤسسات مختلفة وفي المناطق الجغرافية في الاقليم وباحجام متباينة . توصلنا الي ان منح الثقة بالنخب السياسية والنخب والمؤسسات السياسية هي مختلفة نسبيا. لان العامل الواحد ليس لديه نفس التاثير علي شخصيتين في ارتفاع او انخفاض مستوي الثقة السياسية. وان الثقة بمجمل النظام السياسي منخفض نسبيا. وان الثقة بالنظام السياسي مرتبط بالثقة بالنخب والمؤسسات السياسية والقانونية في اقليم كوردستان.

## دەروازە

خوێندنەوەی متمانەی سیاسی وەك چەمكێكی ئەبستراكت كارێكی سەختە. چونكە ئەم چەمكە ئیحتێكاك لەگەڵ كۆمەڵێك چەمكیتری هەیە. خوێندنەوەی ئەم چەمكە هەم وەگ گۆڕاوێكی سەربەخۆ، هەمیش وەك گۆڕاوێكی وابەستە كۆمەڵێك ئیشكالیەت بەرهەم دێنێت. چونكە هەم خۆی بەرهەمی پرۆسە و رەوتی پێش خۆیەتی و هەمیش بەرهەمهێنەری كۆمەڵێك چەمك و پرۆسەیە لەدوای خۆی. واتە ئەم چەمكە، چەمكێكی سەیال و جیوەییە. لە دۆخێكی زەمەنی دیاركراودا متمانەی سیاسی لە نێوان خەڵك و دەسەڵات، پارتی سیاسیی و پارتی سیاسی، پارتی سیاسی و هاوڵاتی/دەنگدەر لە هەڵبەز و دابەز دایە. دابەزین و بەرزبوونەوەی ئاستی متمانەی سیاسیش بە رووداونی رووداوێك، یان هاتنەكایەی كێشەیەك یان كردەیەك لە لایەن دەسەڵات یان حزبی سیاسییەوە بەندە. هەر بۆیە باشترە ئەم چەمكە وەك گۆڕاوێكی پێكەوە گرێدراو (interdependent variable) هەڵبسەنگێندرێت. ئاڵۆزی ئەم چەمكە بووتە هۆی ئەوەی كە لە ئەدەبیاتی متمانەی سیاسییدا، ئاستی پرسیاركردن لە ئاستی دۆزینەوەی وەڵامەكان زۆرتر بێت.[1]

متمانەی سیاسی یەكێكە لەو بابەتە گرنگانەی كە دەسەڵات هەمیشە بایەخێكی گەورەی پێدەدات، بەڵام لە ئاستی توێژینەوە و نووسیندا لە هەرێمی كوردستان سەرەڕای ململانێی توندی سیاسی كە زۆرجار توندوتیژیشی تێدەكەوێت، كەمترین بایەخی پێدراوە. ئەمە لە كاتێكدایە كە لە هەرێمی كوردستان هەڵبژاردنیش ئەنجام دەدرێن، هەروەها هەندێ كات پرۆسەی سیاسیش بنبەست دەگات، ئەم دوو حاڵەتەش لە هەموو كۆمەڵگایەكی سیاسیدا هەم گۆڕانی گەورە بەسەر متمانەی سیاسیدا دەهێنن و هەمیش لەبایەخی چەمكەكە زیاد دەكەن. ئەوەی جێی سەرنجە حزبایەتی باڵی بەسەر كەشی سیاسی هەرێمدا كێشاوە و خەڵكی بەپێی ئینتیمای حزبی بەسەر بەرەی جیاوازدا دابەشكردووە، ئەمەش وادەكات ئەو دەمارگیرییەی لە ئەنجامی حزبایەتییەوە دروستبووە، كە زۆرجار ئاوێتەیە بەخوێنیش متمانەی سیاسی بەپێی ناوچە و گروپەكان بە نەگۆڕی هێشتووتەوە. ئەم دابەشبوونەی متمانە بەسەر دوو ناوچەی جوگرافی كە لە ئێستادا بە زوونەكانی زەرد و سەوز ناسراون رەنگدانەوەی ململانێ و قەڵەمڕەوی ئەو دوو هێزەیە (پدك و ینك) لە كۆتایی حەفتاكان و درێژایی هەشتاكانی سەدەی رابردوو.

لەم توێژینەوەیدا، لە رووی تیۆرییەوە، هەوڵ دراوە تیشك بخرێتە سەر بابەتی متمانەی سیاسیی و فاكتەرە بەرهەمهێنەرەكانی" لە رووی پراكتیكیشەوە، ئاستی متمانەی هاوڵاتی بە نوخبەی سیاسیی بە پێی داتا بەردەستەكان لە ماوەی نێوان ٢٠١١-٢٠١٣ هەڵبسەنگێنرێت. هەرچەندە ئەم داتایانە تەغتیەی ماوەیەكی زەمەنی كورت دەكەن كە سێ ساڵە، بەڵام ئەو سێ ساڵە گرنگی خۆیان هەیە بۆ ئێستا، چونكە نوخبەی سیاسی هەمان ئەو نوخبەیەیە، بەبێ ئەوەی گۆڕانكارییەك كە شایانی باس بێت بەسەردا هاتبێت.

---

[1] :Aberbach, J, D.,Walker, J, L. (1970) 'Political Trust and Racial Ideology', *The American Political Science Review*, 64(4), PP,1199-1219. ; Rudolph, T, J., Evans, J. (2005) 'Political Trust, Ideology, and Public Support for Government Spending', *American Journal of Political Science*, 49(3), pp. 660-671.

هەروەها گرنگە ئەو تیشك بخەینە سەر ئەو خاڵەش كە ئەو سێ ساڵە، ساڵانێكی زێرین بوون لە كاری داتاكۆكردنەوە لە هەرێمی كوردستان. ئەگەرچی لەو ماوەیەشدا و لە ئەنجامی ١٧ شوبات ٢٠١١ پرۆشەی كۆكردنەوەی داتا قورستر ببوو، بەڵام هێشتا بوارێك هەبوو. لەم چوار ساڵەی دواییدا پرۆسەی داتا كۆكردنەوە یەكجار قورس بووە و بوار لە بەردەمیدا زۆر تەسككراوەتەوە لەبەردەم توێژەراندا. ئێمە زۆر كاتی دیكە رووبەرووی تەنگییەهەڵچنین بووینەوە لە پرۆسەی كۆكردنەوەی داتا نەك تەنیا داتا سەبارەت بە پرسە سیاسییەكان، بەڵكو لە ئێستادا رێگری زۆر لە توێژینەوە زانكۆیی و بازارگەرییەكانیش دەكرێت و پێویست بە رەزامەندی زیاد لە دامەزراوەیەكە، كە زۆرجار رەزامەندی ئەوانیش نزیكە لە مەحاڵ، هەر بۆیەش ئەو كەلێنە دروستبووە لە كۆكردنەوەی داتا سەبارەت بە متمانەی سیاسی لە ماوەی نێوان ٢٠١٤-٢٠١٧.

## واتای متمانەی سیاسی

ساڵانی ١٩٦٠ی سەدەی بیستەم دەكرێت بە سەرەتا و بە بەلوتكە گەیشتنی توێژینەوەكانی تایبەت بە متمانەی سیاسی هەژمار بكرێت. واتە ئەو سەردەمەی كە خوێندنەوەكانی رەفتارگەرایی و چەمكەكانی پارسۆنز لە بوارەكانی كۆمەڵناسی و زانستی سیاسەتدا جڵەوداریی ئەدەبیاتی ئەم بوارانە بوون. ئەو كات تا هەنوكەش، خوێندنەوەی چەمكی متمانەی سیاسیی گرێدراوە بە خوێندنەوەی چەمكگەلی وەك كولتوری مەدەنی، رەزامەندی هاوڵاتی، مەشروعیەتی سیاسی، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، بەشداریی سیاسی، سیستەمی دیموكراسی و بە تایبەتیش توێژینەوەكانی دێڤید ئیستۆن وەك بەكارهێنەری سەرەكی چەمكی پشتگیریی سیاسی (political support) كە دواتر رێگە خۆشكەر بوو بۆ توێژینەوە مەیدانیەكان لەسەر ئەم چەمكە[1].

هاوكات ئەمە بەو مانایە نایێت كە لە پێش ئەو رێكەوتە، متمانەی سیاسیی بابەتێكی لە بیركراو بووە، بەڵكو بنەچەی ئەم بابەتە لە هزری فەلسەفەی سیاسی یۆنان و گرێبەستی كۆمەڵایەتی و دواتریش لە لایەن توێژەرانی بواری كۆمەڵگەی مەدەنی ئاماژەی پێدراوە. هەربۆیەش لە زانستی مۆدێرنی سیاسی-كۆمەڵایەتیدا، متمانەی سیاسیی درێژكراوەی چەمكە كلاسیكییەكەی برایەتیە (Fraternity) كە پێكەوە لەگەڵ یەكسانی و ئازادی كۆڵەكە سەرەكیەكانی دیموكراسی پێكدێنن[2] و پێگەیەكی هەستیاری

[1] Gamson, W, A. (1968) *Power and Discontent*, Homewood, Ill.: Dorsey; Almond, G, A., Verba, S. (1963) *The Civic Culture: Political Attitudes and Democracy in Five Nations*, Princeton: Princeton University Press; Ellinas, A, A., Lamprianou, I. (2014) 'Political Trust in Extremis', *Comparative Politics*, 46(2), pp. 231-250; Johnson, I. (2005) 'Political Trust in Societies Under Transformation: A Comparative Analysis of Poland', *International Journal of Sociology*, 35(2), pp. 63-84.

[2] Newton, K. (2001) 'Trust, Social Capital, Civil Society, and Democracy', *International Political Science Review*, 22(2), pp. 201-214.

لە تیۆری مۆدێرنی دیموکراسیدا بەدەستهێناوە" چونکە لە رووی پراکتیکییەوە، لە سیستەمی دیموکراسی نوێنەرایەتیدا، سەرکردە ئەگەر متمانەی هاوڵاتی دەستەبەر نەکات سەرکەتوو نابێت[1].

سەرەڕای ئەمەش، تەرکیزی زۆربەی توێژینەوەکان لە سەر پرسی متمانەی سیاسیی لە نێوان هاوڵاتی و حکومەت بووە" و کەمتر جەخت کراوەتەوە سەر بابەتی متمانە لە نێوان نوخبەی سیاسی و هاوڵاتی. دەکرێت یەکێك لە هۆکارەکان بریتی بێت لەوەی کە زۆربەی توێژینەوەکان لەبارەی بابەتی متمانەی سیاسیی لە ناو سیستەمە دیموکراتیەکان و بەتایبەتیش لە سەنتەرە ئاکادیمیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەنجامدراون. واتە لە سیستەمێك کە ئالوگۆڕێ دەسەڵات بوونی هەیە و سنوری نێوان نوخبەی سیاسیی و حکومەت و دەسەڵاتی دامەزراوە دیموکراتیەکان دیاری کراوە. بە پێی ئەم بۆچوونە، بابەتی متمانەی سیاسی و هەڵکشان و داکشانی متمانە، بەندە بە ئەدا و کارایی حکومەت[2]. لێرەوە، ئەگەرچی متمانەی سیاسی بابەتێکی بە پلەی یەکەم، سیاسییە، بەڵام فاکتەری ئابوریی و کارگێڕیی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان رۆڵی سەرەکی دەبینێن لە بەدەستهێنانی متمانەدا. بە پێی ئەم دوو فاکتەرە سەرکییە هاوڵاتی/دەنگدەر هەڵسەنگاندنی نۆرماتیڤانە بۆ حکومەت دەکات و متمانە بە حکومەت دەبەخشێت. هەر بۆیەش ستۆکس[3] بەم جۆرە پێناسەی متمانەی سیاسی دەکات:

بریتییە لە ئاراستەی گشتی کۆمەڵگا سەبارەت بە حکومەت کە پشت بە هەڵسەنگاندنی نۆرماتیڤانەی هاوڵاتیان دەبەستێت سەبارەت بە کردەکانی حکومەت[4].

سەرەڕای ئەم بۆچوونە، کردەی نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتدار و متمانەی سیاسیی پێکەوە بەستراون. بەو مانایەی کە کردە پەسندکراوەکانی نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتدار، بە تێپەڕینی کات، دەتوانێت متمانە و مەشروعییەت بۆ دامەزراوەکان و خودی حکومەت دەستەبەر بکات، تەنانەت ئەگەر سیستەمی سیاسیی سیستەمێکی پەسەندکراویش (popular) نەبێت. پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش دروستە. واتە ناکارایی نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتدار دەتوانێت متمانە و مەشروعیەت لە حکومەت و دامەزراوە سیاسییەکان بسەنێتەوە و خودی سیستەمی سیاسی (تەنانەت دیموکراتیش) رووبەرووی تەحەدی بکاتەوە[5]. بە پێی ئەم فۆرمۆلە متمانەی سیاسیی چوارچێوەی سیستەمی دیمۆکراسی دەبەزێنێت و سیستەمە نادیموکراسی و سیستەمە فرە حزبیە قۆرغکارەکانیش لە خۆ دەگرێت.

[1] Cole, R, L. (1973) 'Toward as Model of Political Trust: A Causal Analysis', *American Journal of Political Science*, 17(4), pp. 809-817.

[2] Ellinas and Lamprianou, Op cit, p 232

[3] Hetherington, M, J., Globetti,S. (2002) 'Political Trust and Racial Policy Preferences', American Journal of Political Science, 46(2), pp. 254

[4] Hetherington and Globetti, Op cit, pp. 253-275.

[5] Johnson, Op cit, p 64

سەرەڕای ئەم دوو بۆچوونە، پێویستە ئاماژە بە رۆڵیَ ئایدیۆلۆژیا یاخود رێباز بکرێت لە دەستەبەرکردنی متمانەی سیاسی[1]. زۆرجار هاوڵاتی لە پێناو مانەوەی ئایدۆلۆژیای جێگرتوو یان هێنانەدی ئایدیۆلۆژیای باوەڕپێکراو، چاوپۆشی لە ئەدا وکارایی نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتدار، دامەزراوە هەییەکان، حکومەت و کۆی رژێمی سیاسیی دەکات. لێرەوە پرسی متمانەی سیاسی دەبێتە پرسێکی کەسیی-دەرونی و هاوڵاتی/دەنگدەر ئامادەیە قوربانی بە بەرژەوەندییەکانی خۆی بدات لە پێناو مانەوەی ئایدیۆلۆژیای جێگرتوو یان هێنانەدی ئایدیۆلۆژیای باوەڕپێکراو.

بە بڕوای ئەبرامسۆن و فینفتێر[2] پێویستە لە خوێندنەوەی بابەتی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ئاستی متمانەی سیاسی رەچاوی دوو خاڵ بکرێت" یەکەم، ئایا بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ئاستی متمانەی سیاسیی تەنیا دەسەڵاتی سیاسیی بەرقەرار (نوخبەی سیاسیی دەسەڵاتدار) لەخۆدەگرێت؟" یاخود، دووەم، کۆی گشتی سیستەمی سیاسیی بە ئامانج دەگرێت؟ بە وردبوونەوە لەم دابەشکارییە دەبینین کە ئەم دابەشکارییە تایبەتە بە سیستەمە دیموکراسییەکان. بەڵام لە سیستەمە نادیموکراتیەکان و ئەو سیستەمانەی کە هەڵبژاردنی رووکەش ئەنجام دەدەن یاخود سنوری حزب و حکومەت (وەك یەکێتی سۆڤیەت) یان نوخبەی دەسەڵاتدار و حکومەت (وەك عەرەبستانی سعودی) لێك جیا نەکراوەتەوە، لێك جیاکردنەوەی سنوری نێوان نوخبەی دەسەڵاتدار و کۆی سیستەمی سیاسیی ئەگەر ئەستەم نەبێت، کارێکی قورسە.

دابەزینی متمانەی سیاسیی بە نوخبەی دەسەڵاتدار لە چوارچێوەی سیستەمی دیموکراسی راستەقینەدا، دەکرێت لە رێگەی هەڵبژاردنەوە چارەسەر بکرێت. بەڵام کێشەکە لە کۆمەڵگا نادیموکراسیەکاندا بریتییە لەوەی کە ئەم دابەزینە چۆن چارەسەر بکرێت؟ و چۆن بپێورێت؟ تەنانەت دۆزینەوەی هۆکارەکانی دابەزینی متمانە، کارێکی سەختە، چونکە زۆر کات رژێمە نادیموکراتەکان و نیمچە دیموکراتەکان رێگری لە ئەنجامدانی راپرسی لەسەر ئەم بابەتە دەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا، دەکرێت نوخبەیەکی سیاسیی لە پرۆسەی دەنگداندا ئاستێکی بەرزی دەنگ بەدەست بهێنێت، بەڵام متمانەی سیاسی بەم نوخبەیە کەم بێت. ئەم حاڵەتەش لەم توێژینەوەیەدا خراوەتە روو. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەر لە هەرێمی کوردستاندا تەنیا فەکتەر نییە بۆ زانینی ئاستی متمانەی سیاسی" بەڵکو کۆمەڵێك فاکتەریتر رۆڵ دەبینن.

لەگەڵ ئەمەشدا، تا هەنوکە بۆ توێژەرانی بواری متمانەی سیاسیی کۆی گشتی ئەو فاکتەرانە روون نەبووتەوە کە کاریگەری لەسەر متمانەی سیاسیی دادەنێن[3]. ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەم چەمکە، هەر وەك ئاماژە پێکرا چەمکێکی ناسەقامگیرە. هەر بۆیەش لەم توێژینەوەیەدا بە گۆڕاوێکی پێکەوە گرێدراو هەژمار کراوە. چونکە متمانەی سیاسیی هەم بە کردار و رەفتاری نوخبەی سیاسیی گرێدراوە هەمیش بە رەفتار و بیرکردنەوەی تاکی کۆمەڵایەتی لە ژینگەی سیاسیدا. کەواتە، متمانەی سیاسی هەم بابەتێکی

[1] Rudolph and Evans,, Op cit

[2] Abramson, P, R., Finifter, A, W. (1981) 'On the Meaning of Political Trust: New Evidence from Items Introduced in 1978', American Journal of Political Science, 25(2), pp. 297-307

[3] Baumert, A., Halmburger, A., Rothmund, T., Schemer, C. (2016) 'Everyday Dynamics in Generalized Social and Political Trust', Journal of Research in Personality, PP, 1-11.

سیاسی-کۆمەڵایەتییە، هەمیش کەسایەتی-دەروونی. بە کورتی، متمانە بەندە بە کرداری لایەنی بەرامبەر[1]. سەرکردەی سیاسیی لە سیستەمی دیموکراسی نوێنەرایەتیدا، ناتوانێت سەرکەتوو بێت تا ئەو کاتەی کە متمانەی هاوڵاتی بەدەست نەهێنێت. چونکە بەدەستهێنانی متمانە واتە دەستەبەرکردنی رەزامەندی هاولاتی. بەم جۆرەش پابەند بوونی خۆبەخشانەی هاوڵاتی بە بڕیاری سیاسیی ئاسانتر دەبێت[2].

کاتێك کە ئەم متمانەیە دەستەبەرکرا، متمانە بە دامەزراوە بەرقەرارەکان و کۆی سیستەمی سیاسیش دەستەبەر دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا، پێویستە تیشك بخرێتە سەر بابەتێکی گرنگ. هەندێ جار بەشێك لە هاوڵاتیان متمانە بە سەرکردەی دەسەڵاتدار دەکەن بەبێ رەچاوکردنی کردە و رەفتاری نوخبەی سیاسی. لەم دۆخەدا کردار و رەفتاری سەرکردە مەرج نییە، بەڵکو کۆمەڵێك فاکتەریتر رۆڵ دەگێڕن لە بەدەستهێنانی رەزامەندی هاوڵاتی و دەستەبەرکردنی متمانەی سیاسی. لەم جۆرە متمانەیەدا، فاکتەری سیاسی بە تایبەتیش فاکتەری بڕیار داڕێشتن (واتە دەرهاوێشتەکانی بڕیاری سیاسی) رۆڵ نابینێت، بەڵکو فاکتەری کەسایەتی متمانەپێدەر و متمانەپێکراو رۆڵ دەبینن. لە هەرێمی کوردستاندا فاکتەرەکانی وەك حزبایەتی ناوچەگەریی، خێڵگەری، شێوەزار، ئایین، پاشخانی مێژوویی رۆڵی کارا دەگێڕن. لەم دۆخەدا، ئەگەری سەرهەڵدانی بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی (social struggle) لە نێوان گروپە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان دێتەکایەوە. چونکە نۆرمە سیاسییەکان، نۆرمگەلی پەیوەست بە شایستەسالاریی و کارایی سیستەم (system effectiveness) نین. لە هەمان کاتدا، ئەم نۆرمانە مەترسین بۆ سەر سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و کارایی سیستەم، بەڵام لەوانەیە لە بارودۆخەکی تایبەتی سیاسیی-کۆمەڵایەتی یارمەتیدەری مانەوەی نوخبە بێت. راستە کە متمانەی سیاسیی بە تەواوەتی دەستەبەر ناکرێت، بەڵام زەرورە دابەشبوونی متمانەی سیاسی (distribution of political trust) تارادەیەك لە نێوان گروپە کۆمەڵایەتیە جیاواز و دەڤەرە جیاوازەکانی وڵاتدا، یەك دەست بێت. بە پێچەوانەوە جەمسەرگیرییەکی توندی سیاسیی لە ناو کۆمەڵگا و لە نێوان چین و دەڤەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە دژی یەکتر دێتە کایەوە. نموونەی هەر بەرجەستە دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانە.

بە بڕوای باومێرت و هاوکارانی[3] متمانە بە نوخبەی سیاسی یاخود داڕێژەرانی سیاسەت بریتیە لە ئاستی پشت بەستن بەم نوخبەیە وەك گروپێکی کۆمەڵایەتی بە پێی چەندین فاکتەر. واتە تاك بەو بڕوایە دەگات کە ئەم نوخبەیە شایستەیە، خاوەن ئاستێکی بەرزی ئەخلاقی سیاسیە، وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی هاوڵاتییە، لە پێناو بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتی دەجولێتەوە. بەڵام ئەمەش تەنیا یەك لایەنی متمانەی سیاسیە، لە پاڵ متمانە بە دامەزراوە سیاسییەکان و متمانە بە سیستەمی سیاسی.

---

[1] Damico, A, J., Conway, M, M., Damico, S, B. (2000) ‘Patterns of Political Trust and Mistrust: Three Moments in the Lives of Democratic Citizens’, *Polity*, 32(3), pp. 377-400.

[2] Aberbach and Walker, Op cit

[3] Baumert et al, Op cit, p 2

لە رووی تیۆرییەوە، لە کۆمەڵگای دیموکراتیدا، تا ئەو کاتەی کە نوخبە متمانەی هاوڵاتی دەستەبەر بکات دەتوانێت بە شێوەیەکی مەشروع لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە. بەڵام لە رووی پراکتیکییەوە، مەرج نییە هاوکێشەی نێوان متمانە و دەسەڵات هاوکێشەیەکی راستەهێڵی بێت. دەکرێت متمانە بە نوخبە بوونی نەبێت و نوخبە لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە. هاوکێشەکە کاتێك قورس دەبێت، کە متمانە بە نوخبە لە ئاستێکی کەم دابێت، بەڵام هەمان نوخبە لە رێگەی دەنگدانەوە لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە. ئەگەرچی لێرەدا پێویستە، هەر وەك ئاماژە پێکرا، هەم پرسیار بخرێتە سەر جۆری پرۆسەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن و هەمیش ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەر و هەمیش کولتووریی سیاسیی-کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا.

بە کورتی، لەم پێداچوونەوە خێرایەدا بۆمان دەردەکەویت کە چەمکی متمانەی سیاسیی چەمکێکی ئەبستراکت نییە و زۆرتر شێوەی پرۆسەیی بوون لە خۆ دەگرێت. فاکتەرەکانی بەدیهێنانی متمانەی سیاسیی جۆراوجۆرن، وەك فاکتەری ئابوری، سیاسی، کەسی، ئایدیۆلۆژی و کاریگەری ئامرازەکانی راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان[1] . گشت ئەم فاکتەرانە لە ژێر چەتری سێ پێوانەی بەرفراوان پۆلین کراون کە بریتین لە فاکتەری کۆمەڵایەتی-ئابوریی، گۆڕاوی کەسایەتیی و پێوەری رادەی کاریگەری یاخود کارایی سیاسی. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە لە نێوان هەر یەك لەم فاکتەرانە، بە تایبەتیش فاکتەری کۆمەڵایەتی-سیاسی و متمانەی سیاسی پەیوەندیی هۆکارەکی (causal relationship) هەیە[2]. لە لایەکیترەوە، مەرج نییە، کارایی ئابوریی هەمیشە ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی متمانەی سیاسی" چونکە لە هەندێ بارودۆخدا بەخشینی متمانەی سیاسیی بەندە بەو کێشانەی کە لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە و هاوڵاتی بە کێشەگەلی گرنگ هەژماریان دەکەن[3]. ئەم توێژینەوەیە جەخت دەکاتە سەر لایەنی متمانەی هاوڵاتی بە نوخبەی سیاسیی لە رێگەی ئەو داتایانەی کە سەنتەرەکانی پێوانی رای گشتی بە شێوەیەکی زانستی ئەنجامیان داوە.

## میتود و داتا

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەویان لە میتۆدی شیکردنەوەی دەستی دووەمی داتاکان کردووە. هەڵبەت ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك کە هەندێکیان پەیوەستن بە هەموو ئەو توێژینەوانەی کە پەیڕەوی لەم میتۆدە دەکەن کە دواتر باسیان دەکەین، هەندێك هۆکاریش تایبەتن بەم توێژینەوەیەی بەردەست. لەوانەش: ۱- لە ئێستادا ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی متمانەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەم بارۆدۆخە ئەگەر مەحاڵ نەبێت ئەوا بەدڵنیاییەوە زۆر قورسە، ئەویش لە چەند روویەکەوە. یەکەم، پێشوازی نەکردنی هاوڵاتیان لەم جۆرە بابەتانە. دووەم، رەزامەندنەبوونی دەزگا ئەمنی و ئیدارییەکان بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەم جۆرە، سێیەم، لە بارودۆخێکی وەها قورسی ئابووریدا لە توانای توێژەراندا نییە کارێك بە نموونەیەکی گەورە لە ئاستی هەرێمدا ئەنجام بدەن. ۲- داتاگەلێك لەبەردەستی توێژەرانن کە هەم لەرووی کاتەوە نوێن و هەمیش ئەو کەسایەتی

[1] Rudolph and Evans, Op cit; Johnson, Op cit

[2] Cole, Op cit, P 810

[3] Hetherington and Rudolph, Op cit

و دامەزراوانەی ناویان لەو داتایانەدا هاتووە هەمان پێگەی سیاسی جارانیان هەیە و نەگۆڕاون یان گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەك نین کە کاریگەرییان هەبێت. ٣- بەکارهێنانەوەی ئەم داتایانە و خستنەڕوویان بەرچاوڕوونی دەبەخشن، بە تایبەتی کە بەشێکی زۆری ئەم داتایانە کەسانێکی زۆر کەم بینیویانە و شاراوە بوونە لە رای گشتی.

لە بیرکردنەوە لەو ڕێگایانەی کە پرۆگرامەکانی توێژینەوەکان بە هۆیانەوە پێشدەکەون، توێژەران هەمیشە چاویان لە فێربوونی تەکنیکە نوێیەکانی ئامار و میتۆدۆلۆجیایە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی شارەزاییەکانیان لە بواری توێژینەوەدا. لەهەمان کاتدا، توێژەران کات و سەرچاوەکانیان سنووردارە بۆ دیزاینکردن و ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەی کە داتای گەورە کۆدەکەنەوە[1].

لەم سونگەیەوە دوای ئەوەی بە دەیان داتابێسی گەورە لە ئاستی جیهانیدا و داتای ماوە درێژ خرانە خزمەتی توێژەران وەکو داتاکانی بانکی جیهانی، ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و داتابێسی پرۆژە گەورەکانی زانکۆ و پەیمانگای جیاواز، شیکردنەوەی داتاکانی دەستی دووەم تا دێت بەرفرەوانتر دەبێت. هەڵبەت کۆمەڵێك هۆکار هەن کە توێژەران پەنا بۆ ئەم میتۆدە بەن[2]: ١- دەستگرتن بە سەرچاوەکانەوە لە پارە، کات و کەسەکان، بەوەی پشت بە داتاگەلێك دەبەستێ کە پێشتر کۆکراونەتەوە" ٢- زیادکردنی کوالێتی داتاکان، بەوەی زۆر لە داتابێسەکان کوالێتیان لە ئاستێکی بەرزدایە بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە پرسیارنامە و دیزاینی نموونەوە" ٣- گەورەیی قەبارەی نموونە، ئەم جۆرە داتابێسانە بەزۆری نموونەی گەورە وەردەگرن" ٤- لەم جۆرە توێژینەوانەدا توێژەر دەتوانێت ناوونیشانگەلێك بکاتە بابەتی توێژینەوە کە توێژەری دیکە بۆی ناکرێ وەکو توێژینەوەی ماوە درێژ واتە وەرگرتن و کۆکردنەوەی داتای زیاتر لە ساڵێك تاکو زیاتر لە دەیەیەك لە یەك توێژینەوەدا یان توێژینەوەی وڵاتبڕ، واتە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك کە داتای چەندین وڵات لەخۆبگرێت لە یەك ساڵ یان زیاد لە ساڵێك و زۆرجار زیاد لە دەیەیەك.

لە ١٩٦٣ بارنی گلاسەر پێشنیاری کرد کە دەشێ لەلایەن توێژەرێکی دیکەی سەربەخۆوە شیکردنەوەی داتای دەستی دوەمی ئەنجام بدرێت، کە ئەمەش لەپاڵ کەرەستە و میتۆدەکانی دیکەدا هێزێکی نوێ بە جەستەی بونیادی مەعریفەی کۆمەڵایەتی دەبەخشێت[3]. شیکردنەوەی دەستی دوەمی داتا بەردەستەکان یان ئەرشیفیەکان مێژوویەکی دەوڵەمەندیان هەیە لە بوارەکانی ئابووری، دیمۆگرافی و کۆمەڵناسیدا. هەروەها لە بوارەکانی دیکەشدا وەکو دەروونناسی بەکارهێنانیان زیادیکردووە[4]. دەشێ

---

[1] Judith Pizarro Andersen, J, P., Prause, J., Roxane Cohen Silver, R, S. (2011) 'A Step-by-Step Guide to Using Secondary Data for Psychological Research', *Social and Personality Psychology Compass*, 5(1), PP. 56–75.

[2] Miller, R, L., D Brewer, J. (2003) *The A-Z of Social Research: A Dictionary of Key Social Science Research Concepts*, London: SAGE.

[3] Long-Sutehall, T., Sque, M., Addington-Hall, J. (2011) 'Secondary analysis of qualitative data: a valuable method for exploring sensitive issues with an elusive population?', *Journal of Research in Nursing* ,16(4), pp, 335–344

[4] Mueller, C. E., Hart, C, O. (2010) 'Effective Use of Secondary Data Analysis in Gifted Education Research: Opportunities and Challenges', *Gifted Children*, 4(2), pp, 5-11.

شیکردنەوەکە لەسەر بنچینەی ئەو زانیاریی و ئامارانەی بەردەستن ئەنجام بدرێت، هەروەها ئەو داتایانەی لە تێکستەکان، گرافەکان، خشتەکان و پاشکۆی بابەتە بڵاوکراوەکاندا بەردەستن، یاخود لەسەر داتا ڕەسەنەکان ئەنجامبدرێت[١].

سوودی ئەم داتا بەردەستانە ئەوەیە کە بژاردەی ئەنجامدانی کارێك دەخاتە بەردەستی ئەو توێژەرانەی کە سەرچاوە یان کاتێکی سنووردایان هەیە. شیکردنەوەی داتاکانی دەستی دوو مومارەسەیەکی ئەزموونگەرایانەیە کە ڕەچاوی بنەما بنەڕەتییەکانی توێژینەوە دەکات بەهەمان شێوەی ئەو توێژینەوانەی سوود لە داتاکانی دەستی یەکەم وەردەگرن و وەکو هەر میتۆدێکی دیکەی توێژینەوە پێویست دەکات چەند هەنگاوێك هەڵگرێت[٢].

ئەم توێژینەوەیە لە سەر بنچینەی ژمارەیەك ڕاپرسی ئەنجامدراوە و بە دەستنیشانکراوتر لە گراف و خشتەکانی ئەو ڕاپرسییانە وەرگیراوە کە لە خشتەی (١) ڕوونکراونەتەوە.

خشتەی (١) ئەو ڕاپرسیانە ڕووندەکاتەوە کە داتاکانی لێ وەرگیراون

| | ڕاپرسی | قەبارەی نموونە | شوێنی جوگرافی | ڕێکەوت | لایەنی جێبەجێکار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕاپرسی بارودۆخیی سیاسی کوردستان | ٥٩٠ | شارەکانی هەولێر و سلێمانی | کانوونی دووەمی ٢٠١١ | کۆمپانیای بارۆمەتر بۆ ڕاپرسی و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری |
| ٢ | حکومەتی هەرێمی کوردستان: متمانە، خزمەتگوزاری و ئازادی و مافی مرۆڤ | ١٤٧٥ | پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی | تەمووزی ٢٠١١ | کۆمپانیای بارۆمەتر بۆ ڕاپرسی و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری |
| ٣ | عێراق دەچێتە ناو قۆناغێکی هەستیارەوە | ٥٠٠ | باکوری عێراق | تشرینی یەکەمی ٢٠١١ | پەیمانگای نیشتیمانی بۆ دیمۆکراسی (NDI) |
| ٤ | هەرێمی کوردستان: ئەدای حکومەت، متمانەی سیاسی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان | ٣١٨١ | هەرێمی کوردستان | کانوونی یەکەمی ٢٠١١ | کۆمپانیای بارۆمەتر بۆ ڕاپرسی و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری |
| ٥ | تێڕوانینی هاوڵاتیان بەرامبەر بە چەند پرسێکی گرنگ لە هەرێمی کوردستان | ٢٤٧٥ | هەرێمی کوردستان | کانوونی یەکەمی ٢٠١٢ | پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان (KIPI) |
| ٦ | تێڕوانینی هاوڵاتیان بەرامبەر بە چەند پرسێکی گرنگ لە هەرێمی کوردستان | ٢٤٦١ | هەرێمی کوردستان | ئادار و نیسانی ٢٠١٣ | پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان (KIPI) |
| ٧ | بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣دا | ٢٩٩٦ | هەرێمی کوردستان | کانوونی یەکەمی ٢٠١٣ | پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان (KIPI) |

وەکو لە خشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە ئەم داتایانە چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە:

[1] Church, R, M. (2001) 'The Effective Use of Secondary Data', *Learning and Motivation*, 33, PP. 32–45.

[2] Johnston, M, P. (2014) 'Secondary Data Analysis: A Method of which the Time Has Come', *Qualitative and Quantitative Methods in Libraries (QQML)*, 3, pp. 619 – 626.

١– لەلایەن دامەزراوەکانەوە کۆکراونەتەوە نەك توێژەری تاکانە.

٢– نموونەکان نموونەی گەورەن.

٣– زۆربەی هەرەزۆری داتاکان لە ئاستی هەرێمدا کۆکراونەتەوە و لە قەزا جیاوازەکان و تەنیا تەرکیز نەکراوەتە سەر شارەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك.

٤– داتاکان لە سێ ساڵدا کۆکراونەتەوە (٢٠١١، ٢٠١٢ و ٢٠١٣) کە ئەمەش بۆ خۆی تایبەتمەندییەك دەداتە توێژینەوەکە.

## خستنەڕوو و شیکردنەوە

### یەکەم: دامەزراوەکان

### ١– پەرلەمانی کوردستان

سەبارەت بە متمانە بە دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان، تەنیا لە سێ راپرسیدا پرسیار لە متمانە بە پەرلەمانی کوردستان کراوە، بەڵام لە سێ ساڵی جیاوازدا، واتە راپرسییەکی کۆمپانیای بارومەتر لە ٢٠١١ و دوو راپرسی (KIPI) کە یەکەمیان لە بەهاری ٢٠١٢ و ئەوی دیکەیان لە کۆتایی ٢٠١٣. وەك لە راپرسییەکاندا دەردەکەوێت ئاستی متمانە بە پەرلەمان لە ئاستێکی نزمدایە. تەنانەت ئەگەر بەراوردی بکەی بە حکومەتی هەرێمیش (کە دوای پەرلەمان قسەی لەسەر دەکەین).

لە راپرسی یەکەمدا لە سەرەتای ٢٠١١، کە پەرلەمان لە باشترین قۆناغی خۆیدا بوو و ئۆپۆزیسیونێکی زۆر چالاك هەبوو، ئاستی متمانەی پەرلەمان ٣.٤١٪ بوو، بەڵام لە راپرسییەکانی دواتردا بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئاستی ئەو متمانەیە دادەبەزێت. لە بەهاری ٢٠١٢ ئاستی متمانەی پەرلەمان ٥٨.٢٩٪ و لە کۆتایی ٢٠١٣ لە ڕێژەیەکی نزیك لەو ڕێژەیە بەهەرەمەندە کە دەکاتە ٧.٣٠٪.

### ٢– حکومەتی هەرێمی کوردستان

حکومەت لە هەر دامەزراوەیەکی دیکەی دەوڵەت زیاتر پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی هاوڵاتییانەوە هەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە پرسیارکردن لە راپرسییەکاندا لەسەر متمانە بە حکومەت کەمتر کراوە لە پرسیارکردن لە متمانە بە کەسایەتییە سیاسییەکان.

لە کۆی ئەو حەوت راپرسییە تەنیا لە سێ راپرسیدا پرسیار لە ئاستی متمانەی پەرلەمان کرابوو، بەهەمان شێوە تەنیا لە سێ راپرسیشدا پرسیار لەبارەی متمانە بە سەرۆکی حکومەت کە ئەو کات بەرهەم ساڵح بوو کراوە.

لە یەکەمین راپرسیدا کە لە سەرەتای ٢٠١١ ئەنجامدراوە لە لایەن کۆمپانیای بارۆمەترەوە پرسیارەکە ئەوەیە چەندە متمانەت بە حکومەتی هەرێم هەیە؟ دەرکەوت لە شاری هەولێر ئاستی متمانەی حکومەت دەکاتە ٦.٥٨٪ و لە سلێمانی ٢.٤٨٪، کە تێکرا دەکاتە ٤.٥٣٪ لە کاتێکدا ئاستی ئەو متمانەیە بە پەرلەمان ٣.٤١٪ بوو.

لە راپرسی دووەمدا کە لە لایەن (KIPI) لە کۆتاییەکانی ٢٠١٢ ئەنجامدراوە لە هەموو هەرێمی کوردستان، دەردەکەوێت ئاستی متمانەی خەڵك بە حکومەت (ئەوانەی زۆر متمانەیان هەیە) دەکاتە ٩.٤٥٪. کە دیسان متمانەکە بەرزە ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ ئەوانەی متمانەیان بە حکومەت نییە، کە ڕێژەکەیان تەنیا بریتیە لە ٦٣.١٤٪.

لە راپرسی سێیەمدا کە لەلایەن هەمان ئەنیستیتیوتەوە لە بەهاری ٢٠١٣ ئەنجامدراوە و نموونەکەش لە هەموو هەرێمی کوردستانە، دەردەکەوێت ئاستی متمانە بە حکومەت دەگاتە ٥٢.٤٣٪ کە نزیکە لە هەمان ئاستی متمانە لە راپرسییەکەی پێشووتردا. دیسان ئەگەر بەراوردی بکەین بە ئاستی متمانە بە پەرلەمانی کوردستان لە هەمان راپرسیدا، دەبینین جیاوازییەکی بەرچاو هەیە، کە ئاستی متمانەی هاوڵاتیان بە پەرلەمان لەو راپرسییەدا تەنیا ٥٨.٢٩٪ بوو.

### ٣- دادگاکانی هەرێمی کوردستان

دادگا نوێنەرایەتی دەسەڵاتی دادوەری دەکات و پێویستە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بێت و کەمتر نەبێت لە هەردوو دەسەڵاتەکەی دیکە (راپەڕاندن و یاسادانان)، دەبینین کە هاوشێوەی دەسەڵاتی یاسادانان نەیتوانیوە لە ئاست متمانەی هاوڵاتیاندا بێت. ئاستی متمانە بەم دامەزراوە گرنگە زۆر کەمترە لە ئاستی متمانە بە حکومەت و کەمترە لە ئاستی متمانە بە پەرلەمانیش. هەڵبەت هۆکارەکان زۆرن.

لە یەکەم راپرسیدا کە کۆمپانیای بارومەتر ئەنجامیداوە لە سەراتاکانی ٢٠١١ دەردەکەوێت ئاستی متمانە بە دادگا دەکاتە ٥.٣٧٪، واتە ئەوانەی متمانەیان بە دادگاکان نییە ڕێژەیان زۆر زیاترە لەوانەی متمانەیان پێ هەیە.

لە هەرسێ راپرسییەکانی (KIPI) کە لە ٢٠١٢ و ٢٠١٣ ئەنجامدراون، ڕێژەی ئەوانەی متمانەیان بە دادگاکان هەیە کەمتریش دەبێتەوە. لە یەکەمین راپرسی ئەم ئەنیستیتیوتە کە لە کۆتایی ٢٠١٢ ئەنجامدراوە، ڕێژەی متمانەی زۆر بە دادگاکان تەنیا ٧٢.٣١٪ بوو. لە راپرسی دووەمی هەمان پەیمانگادا کە لە بەهاری ٢٠١٣ ئەنجامدراوە، دەردەکەوێت ئاستی متمانە بە دادگاکان هەر لە خوارەوەیە و جیاوازییەکی ئەوتووی نییە لەگەڵ راپرسییەکەی پێشوو و دەکاتە ٨.٣٠٪، واتە نزیکەی ١٪ دابەزیوە. بەڵام لە راپرسی سێیەمدا کە لە کۆتاییەکانی ٢٠١٣ ئەنجامدراوە، ئاستی متمانە بە دادگاکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، واتە بە ڕێژەی زیاتر لە ٦٪، بەوەی ئاستی متمانە بە دادگاکان تەنیا ٣٨،٢٤٪ تۆمارکردووە.

### ٤- حزبە سیاسییەکان

حزب لە کوردستان نەك تەنیا پرسە سیاسییەکان، بەڵکو زۆربەی کات کلیلی دەرگای پرسە کارگێڕییەکانیشە. بۆیە پرسکردن لە بارەی متمانە بە حزبەکان دەشێ یەکێك بێت لە پرسە گرنگەکان. هەر بۆیەش لە هەموو ئەو راپرسییانەدا پرسیار لە بارەی حزبە سیاسییەکان کراوە، چ لە بارەی متمانە بەو حزبانە یاخود لایەنگیری و ئینتیمای سیاسی یاخود ڕۆڵ و ئەرکیان.

**لە ڕاپرسی کۆمپانیای بارومەتر کە نموونەکەی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی وەرگیراوە (سەرەتای ٢٠١١)، پرسیار لەبارەی متمانە بەیەك یەکی حزبەکان کراوە. دەردەکەوێت متمانە بە حزبە سیاسییەکان: بزوتنەوەی گۆڕان، پارتی دیمۆکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی زۆر لە یەك نزیکە. گۆڕان ٤.٤٠٪، یەکگرتوو ٣٩٪، پارتی ٩.٣٨٪، یەکێتی ٤.٣٧٪ و کۆمەڵی ئیسلامی ٣.٣٧٪. ئەوەی لەم ڕاپرسییەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە حزبەکان بەگشتی ئاستی متمانەیان لە یەك نزیکە. دیارە متمانە لێرەدا یەکسان نییە بە دەنگدان.**

**لە ڕاپرسییەکانی دواتردا (ئەوانەی KIPI)، بەبێ ناوهێنانی حزبەکان پرسیار لە متمانە بە حزبە سیاسییەکان کراوە، واتە بە گشتی نەك بە دەستنیشانکراوی. لە ڕاپرسییەکەی کۆتایی ٢٠١٢ دەردەکەوێت تەنیا ٨٢.٢١٪ خەڵك زۆر متمانەیان بە حزبە سیاسییەکان هەیە لە بەرامبەریشدا ئەوانەی حزبە سیاسییەکان بە جێگەی متمانە نابینن، ڕێژەیان دەکاتە ٤١،٢٥٪.**

**لە ڕاپرسی دووەم لە بەهاری ٢٠١٣ دەردەکەوێت، ئەوانەی زۆر متمانەیان بە حزبە سیاسییەکان هەیە ڕێژەکەیان نزیکە لە ڕێژەی ڕاپرسی یەکەم و دەکاتە ٢٨.٢٠٪، بەڵام لە بەرامبەردا ڕێژەی ئەوانەی حزبە سیاسییەکان بە جێگەی متمانە نابینن ڕێژەیان بەرزبووتەوە بۆ ٩٤.٣١٪، کە ڕێژەیەکی بەرزە.**

**لە دوا ڕاپرسیدا لە کۆتایی ٢٠١٣ دەردەکەوێت ڕێژەی متمانە بە حزبە سیاسیەکان زیاتر ڕووی لە کەمی کردووە و دەگاتە ٩١.١٧٪، لە بەرامبەریشدا ئەوانەی حزبە سیاسیەکان بە جێگەی متمانە نازانن ڕێژەکە هەر بە بەرزی ماوەتەوە و دەکاتە ٥.٢٨٪.**

### ٥- هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس

**دیارە یەکێك لەو خالانەی کە نیشانەی سەرکەوتنە لە هەرێمی کوردستان بوونی ئاسایش و سەقامگیرییە، بەجۆرێك کە جیاوازی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق یەکجار زۆرە و ناشێ ئەوە بە نادیدە بگیرێت. هەر لەبەر ئەوەشە چاوەڕێ دەکرێت ئاستی متمانە بە هێزەکانی ناوخۆ (ئاسایش و پۆلیس) لە ئاستێکی بەرزدا بێت. لە ڕاپرسییەکانی (KIPI)دا پرسیار لە متمانە بەم هێزانە کراوە.**

**لە ڕاپرسی یەکەمدا کە لە کۆتایی ٢٠١٢ ئەنجامدراوە دەردەکەوێت ئاستی متمانە زۆر بەرزە، واتە ئەوانەی ئەو هێزانە زۆر بە جێگەی متمانە دەزانن ڕێژەیان ٤٥،٦١٪، لە بەرامبەریشدا تەنیا ٢.٨٪ متمانەیان بەم هێزانە نییە. لە ڕاپرسی دووەمدا لە بەهاری ٢٠١٣، دەردەکەوێت ڕێژەکە هەر بەرزە و نزیکە لە ڕێژەی پێشوو کە دەکاتە ١٦،٥٩٪، بەڵام ڕێژەی ئەوانەی ئەم هێزانە بە جێگەی متمانە نازانن هەندێك بەرزتر بووتەوە بۆ ٢٧.١٢٪.**

**لە دوا ڕاپرسیشدا لە کۆتاییەکانی ٢٠١٣، ئەگەرچی ڕێژەی ئەوانەی زۆر متمانەیان بە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش هەیە کەمێك نزمتر بووە و گەیشتووە بە ١.٥٧٪، بەڵام هێشتا ڕێژەکە زۆر بەرزە. لە بەرامبەریشدا ڕێژەی ئەوانەی متمانەیان بە ئاسایش و پۆلیس نییە ڕێژەیان بۆ ٦٧.٩٪ کەمبووتەوە.**

## دووەم: كەسایەتییەكان

### ١- بارزانی وەكو بە متمانەترین سیاسی لە هەرێمی كوردستان

بەدەر لە پێگەی بارزانی وەكو سەرۆكی هەرێم كە لە ئێستادا جێگەی مشتومڕە، راپرسییەكان لە تەواوی هەرێمی كوردستان لە ماوەی نێوان كانوونی دووەمی ٢٠١١ تاكو كانوونی یەكەمی ٢٠١٣، كە سێ ساڵ دەكات، ئەوە پیشاندەدەن كە بارزانی سیاسیەك یان باشترە بڵێین سەرۆكێكی بەمتمانە بووە. راپرسییەكان كە لە لایەن دامەزراوەی جیاوازەوە ئەنجامدراون، پرسیار و بژاردەكانیان جیاوزن.

ئەگەر لە راپرسی یەكەمەوە دەست پێبكەین، كە مێژوویەكەی بۆ سەرەتای ٢٠١١ دەگەرێتەوە و لە لایەن كۆمپانیای بارۆمەترەوە ئەنجامدراوە نموونەكەی لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی وەرگیراوە، دەبینین بارزانی بە رێژەی ٥٣٪ متمانەی لە نێو خەڵكی ئەو دوو شارەدا هەبووە. ئەم رێژەیە بەرزتر بووە لە راپرسی دووەمدا كە لەلایەن هەمان كۆمپانیاوە ئەنجامدراوە لە تەمووزی ٢٠١١ و نموونەكەی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی وەرگیراوە. لەو راپرسییەدا جگە لە قەزای ناوەندی هەولێر لە سێ قەزای (سۆران، كۆیە، دەشتی هەولێر) دیكەی هەمان پارێزگا نموونەكە وەرگیراوە. سەبارەت بە پارێزگای سلێمانیش بە هەمان شێوەی پارێزگای هەولێر، لە سێ قەزای دیكەش (رانیە، كەلار، هەڵەبجە) نموونەكە وەرگیراوە. لەم راپرسییەدا متمانەی بارزانی دەگاتە ٦٦.٦٠٪. لە راپرسی سێیەمدا كە هەر لەلایەن هەمان كۆمپانیاوە ئەنجامدراوە، بەڵام ئەمجارەیان وێڕای هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی نموونەكە لە پارێزگای دهوكیش وەرگیراوە، متمانە بە بارزانی رێژەی ٦٠٪ تۆماركردووە، واتە هەمان رێژەی راپرسییەكەی پێشوو.

ئەگەر ئەنجامی راپرسییەكەی پەیمانگای نیشتیمانی بۆ دیمۆكراسی (NDI) وەرگرین كە لە هەمان ساڵ و لە مانگی ئۆكتوبەردا ئەنجامدراوە، دەردەكەوێت بارزانی رێژەیەكی زۆر نزیك لەو رێژەیە كە دەكاتە ٦٠٪ لەلای خەڵكی هەرێم پەسەندە و ئەمەش بەرزترین رێژەیە لە نێوان سیاسییەكانی كوردستاندا.

لە راپرسییەكانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ كە لە لایەن پەیمانگای كوردستان بۆ پرسە سیاسییەكانەوە ئەنجامدراون دەردەكەوێت ئاستی متمانە بە بارزانی هێشتا هەر بەرزە. لە راپرسییەكەی كۆتایی ساڵی ٢٠١٢ كە نموونەكەی لە زیاتر لە ٢٠ قەزای هەرێمی كوردستان وەرگیراوە، دەردەكەوێت ئاستی متمانەی زۆر بە بارزانی دەكاتە ٣٨.٥٠٪. لە راپرسییەكەی دیكەی هەمان پەیمانگا كە لە بەهاری ٢٠١٣ ئەنجامدراوە دەردەكەوێت ئاستی متمانە (متمانەی زۆر بە بارزانی) هێشتا بەرزە و جیاوازییەكی ئەوتووی نییە لەگەڵ ئەوەی ٢٠١٢، لەم راپرسییەدا ٤٩.٨٪ نموونەكە متمانەی زۆریان بە بارزانی هەیە. هەر لە هەمان ساڵ بەڵام لە دوا مانگیدا هەمان پەیمانگا راپرسییەكی دیكەی فرەوانیان لە ئاستی هەرێمدا (چ وەك گەورەیی نموونەكە و چ وەك بەشداری قەزا جیاجیاكان) ئەنجامداوە، دەردەكەوێت ئاستی متمانە بە بارزانی ئەگەرچی بە رێژەی ٧.٢٪ ئاستی متمانەی بارزانی دابەزیوە، بەڵام هێشتا هەر بەرزە، كە دەكاتە ٤١.٤٦٪.

### ٢- جەلال تاڵەبانی یان سەرۆك كۆمار

كاتێك دەڵێین جەلال تاڵەبانی مەبەست هەم جەلال تاڵەبانییە وەك كەسایەتییەكی سیاسی هەمیش سەرۆك كۆمارە. واتە ئەو و مەسعود بارزانی جیاواز لە هەموو ئەوانی دیكە هەمیشە ئەو دوو پێگەیەیان هەیە. لە بەشێك لەو راپرسیانەدا، پرسیار لە متمانە بە جەلال تاڵەبانی كراوە بەبێ ئاماژە كردن بە پێگەی سەرۆك كۆمارییەكەی (راپرسییەكانی كۆمپانیای بارومەتر و راپرسی NDI)، بەڵام لە راپرسییەكانی (KIPI) وەك سەرۆك كۆماری عێراق پرسیار لە متمانەی جەلال تاڵەبانی كراوە. لە راپرسی دووەمی كۆمپانیای بارومەتر لە تەمووزی ٢٠١١ كە نموونەكەی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی وەرگیراوە، متمانە بە جەلال تاڵەبانی لە ئاستێكی زۆر بەرزدایە كە دەكاتە ٥.٦٥٪، واتە متمانەكەی بەرزترە لە مەسعود بارزانیش. بەڵام لە راپرسی دووەمی كۆمپانیای بارومەتر (لە كۆتایی ٢٠١١) كە نموونەكەی لە هەموو هەرێمی كوردستانە، متمانە بە جەلال تاڵەبانی بە بڕی ٥.١١٪ كەمدەبێتەوە، واتە لە ٥.٦٥٪ بۆ ٥٤٪. دیارە هۆكارەكەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە راپرسی دووەمدا نموونە لە پارێزگای دهكیش وەرگیراوە كە لە راپرسی یەكەمدا نموونەكە تەنیا لە دوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی وەرگیرابوو.

ئەوەی جێگەی سەرنجە راپرسییەكەی (NDI) یە، كە ئاستی متمانەی جەلال تاڵەبانی لەوەش زیاتر نزمبووتەوە و گەیشتووە بە ٤٩٪. بەڵام شایانی ئاماژەیە كە لەو راپرسییەدا ئاماژە بەوە دراوە كە ئاستی متمانەی جەلال تاڵەبانی لەگەڵ مانگی تەموزی هەمان ساڵ واتە لە ماوەی سێ مانگدا بە رێژەی ١٤٪ كەمی كردووە.

لە راپرسییەكانی (KIPI) ئاستی متمانە بە جەلال تاڵەبانی بەرزی و نزمی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت. لە راپرسی یەكەمدا كە لە كۆتاییەكانی ٢٠١٢ ئەنجامدراوە، متمانەی زۆر بە جەلال تاڵەبانی دەكاتە ٣.٣٠٪. بەڵام لە راپرسی دووەمی هەمان ئەنیستیتیوتدا كە لە بەهاری ٢٠١٣ ئەنجامدراوە، ئاستی متمانە (متمانەی زۆر) بە جەلال تاڵەبانی بە رێژەیەكی بەرچاو زیادیكردووە. واتە بۆ ٣.٤٣٪ و زیادبوونەكە بە رێژەی ١٠٪. بەڵام لە راپرسی سێیەمدا كە لە هەمان جوگرافیای پێشوو ئەنجامدراوە، ئاستی متمانە بە جەلال تاڵەبانی بە شێوەیەكی سەرسوڕهێنەر كەمی كردووە، دەكرێ بڵێین لە نیوە بە نیوە زیاتر، واتە لەو راپرسییەدا تەنیا ٨٤،٢٠٪ تۆماركردووە. كە ئەو حاڵەتە لای هیچ سیاسییەكی دیكە دووبارەنەبووتەوە. هەروەها شایانی گوتنە ئەو كەمبوونەوەیەش زیاتر لە پارێزگای سلێمانی و سنووری ئیدارەی گەرمیانە تاكو پارێزگای هەولێر.

وێنەی (١) پەسەندییەتی سەرکردەی کورد




**٣- نەوشیروان مستەفا**

نەوشیّروان مستەفا کە ناوێکی دیاری ناو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە لە دوای نسکۆی ١٩٧٥، کەمتر لە مەسعود بارزانی و جەلال تالەبانی لە راپرسییەکاندا پرسیاری لەبارەوە دەکرێت. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا هیچ پۆستێکی نییە لە پەیکەری فەرمانڕەواییدا. تەنیا لە سێ راپرسیدا پرسیار لەبارەی نەوشیّروان مستەفاوە کراوە. لە دوو راپرسی کۆمپانیای بارومەتر و راپرسییەکی پەیمانگای نیشتیمانی بۆ دیمۆکراسی (NDI) کە هەرسێ راپرسییەکە لە ٢٠١١ دا ئەنجامدراون. لە دوو راپرسییەکەی کۆمپانیای بارومەتر کە یەکێکیان لە ناوەڕاستی (تەمووزی) ٢٠١١ دا ئەنجامدراوە کە نموونەکەی تەنیا لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانییە و ئەوی دیکە لە کۆتایی (تشرینی دووەم) ٢٠١١ کە نموونەکەی لە هەموو هەرێمی کوردستان وەرگیراوە، دەردەکەوێت جیاوازییەکی زۆر لە نێوان رێژەکانی متمانە بە نەوشیّروان مستەفا هەیە. لە راپرسی یەکەمدا متمانە بە نوشیّروان مستەفا دەگاتە ٥٠.٥٤٪ و لە راپرسی دووەمدا کەمدەبێتەوە بۆ ٢٩٪. ئەوەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەم، لە راپرسی دووەمدا کە ئاستی متمانەی نەوشیّروان مستەفا دابەزیوە، نموونەکە جگە لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی لە پارێزگای دهۆکیش وەرگیراوە. ئەدەبیاتەکە لە بادینان وایە کەوا نەوشیّروان مستەفا و بزوتنەوەی گۆڕان نەك تەنیا ناوچەگەرێتی و شارچییایەتی دەکەن، بەڵکو بادینان لە هزری نەوشیّروان مستەفادا هیچ بایەخێکی نییە، ئەگەر نەڵێین بوونی نییە. بەڵام دابەزینی رێژەی متمانەکە تەنیا لەبەر ئەو هۆکارە نییە چونکە هەمیشە نموونەی بادینان بە رێژەیەکی زۆر کەمترە لە نموونەی هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی. بەڵکو زیاتر بۆ هۆکاری دووەم دەگەڕێتەوە. ئەوەیان پەیوەستە بە چۆنیەتی داڕشتنی پرسیارەکە لە راپرسی کۆتایی ٢٠١١ کە بە شێوەیەکە نموونەکە ناچاردەکات خۆی سنووردداربکات لە هەڵبژاردنی سێ کەسایەتی سیاسی کە متمانەی زۆری پێیان هەیە. لە

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٢ حزيران ٢٠١٧: ص ص١٥٠- ١٧١
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

کاتێکدا لە ڕاپرسی یەکەمدا نموونەکە دەیتوانی ئاماژە بە هەموو ئەو سەرکردانە بکات کە متمانەی پێیان هەبوو. بۆیە لە نێو لیستەکەدا کە دیارترین سیاسییەکانی کوردستانی تێدایە، نەوشیڕوان مستەفا بە پلەی پێنجەم دێت لە دوای مەسعود بارزانی، بەرهەم ساڵح، جەلال تالەبانی و نێچیرڤان بارزانی. بەڵام لەگەڵ ئەوانیش جیاوازییەکە زۆرە بەجۆرێك کە لە دوای نێچیرڤان بارزانییەوە دێت بە جیاوازی ١٢٪. هەر وەکو لە وێنەی (٢) دیارە.

وێنەی (٢) ئاستی متمانە بە سەرکردەکانی کوردستان لە ڕاپرسی سێیەمی کۆمپانیای بارومەتردا




لە ڕاپرسی سێیەمدا کە پرسیار لەبارەی نەوشیڕوان مستەفا کراوە. ڕاپرسییەکەی پەیمانگای نیشتیمانی بۆ دیمۆکراسییە. لە ڕاپرسییەکەدا پرسیار لە سەر پەسەندی نەوشیڕوان مستەفا کراوە لەلای نموونەکە، دەرکەوت نەوشیڕوان مستەفا بەلای تەنیا ٢٦٪ خەڵکی هەرێم پەسەندە و ئەمەش کەمترە لە ڕێژەی متمانە بە نەوشیڕوان مستەفا لە دوا ڕاپرسی کۆمپانیای بارومەتر کە ٢٩٪ بوو. بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە دوو مانگ پێشتر واتە لە تەمووزی ٢٠١١ (NDI) ڕاپرسییەکی دیکەی کردووە و ئاستی متمانەی نەوشیڕوان مستەفا بە ڕێژەی ٢٪ کەمتر بووە لە ڕاپرسییەکەی مانگی ١٠ لە ٢٠١١.

٤- نێچیرڤان بارزانی

لە کۆی ئەو شەش راپرسییەدا، تەنیا لە دوو راپرسیدا پرسیار لە نموونەکە کراوە سەبارەت بە متمانەیان بە نێچیرڤان بارزانی وەکو سیاسییەکی کوردستان. هۆکاری ئەوەی کە پرسیار لەبارەی نێچیرڤان بارزانییەوە نەکراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە لەو ماوەیەدا (٢٠١١-٢٠١٣) ناوبراو هیچ پۆستێکی حکومی و رەسمی نەبووە، هەروەها زۆر کەم دەرکەوتووە، بۆیە بە پێویست نەزانراوە متمانەی ئەو وەکو سیاسییەکانی دیکە بپێون.

لە راپرسی کۆمپانیای بارومەتر لە تەمووزی ٢٠١١ ئاستی متمانە بە نێچیرڤان بارزانی بەرزە، کە دەکاتە ٥٨٪. لە راپرسی دووەمی هەمان کۆمپانیادا هاوشێوەی جەلال تالەبانی و نوشێروان مستەفا ئاستی متمانەی ئەویش بە رێژەیەکی زۆر دابەزیوە، کە لەم راپرسییەدا ئاستی متمانە بە نێچیرڤان بارزانی دەکاتە ٤١٪. هۆکارەکەش هەر هەمان ئەو هۆکارەیە کە لەو راپرسییەدا تەنیا بوار درابوو بە نموونەکە کە سێ لە بە متمانەترین کەسایەتی سیاسی دەستنیشان بکات.

٥- بەرهەم ساڵح و کوسرەت رەسول

ئاستی متمانەی جێگرانی سکرتێری گشتی ینك (بەرهەم ساڵح و کوسرەت رەسوڵ) پێکەوە دەخەینە ڕوو، لەبەر ئەوەی ئەو کات هەردووکیان پێکەوە جێگرانی تالەبانین. لە سێ راپرسیدا پرسیار لە ئاستی متمانەی بەرهەم ساڵح کراوە لە کاتێکدا لە دوو راپرسیدا پرسیار لە ئاستی متمانە بە کوسرەت رەسوڵ کراوە. مێژووی هەموو ئەو راپرسیانەش دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠١١ کە بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێم بوو و کوسرەت رەسوڵ وەکو ئێستا جێگری سەرۆکی هەرێم بوو.

سەبارەت بە بەرهەم ساڵح لە ٢٠١١ کە سەرۆك وەزیران بوو ئاستی متمانەی یەکجار بەرز بوو کە دەشێ بە ساڵە زێرینەکەی ئەو لەقەڵەم بدەین. لە دووەم راپرسی کۆمپانیای بارومەتر کە نموونەکەی تەنیا لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی وەرگیرابوو. ئاستی متمانە بە بەرهەم ساڵح بریتی بوو لە ٥.٧٦٪ کە لە لوتکە دا بوو (بڕوانە وێنەی ٣). بەڵام لە سێیەمین راپرسی هەمان کۆمپانیادا کە لە جوگرافیایەکی فرەوانتردا ئەنجامدراوە و هەموو هەرێم دەگرێتەوە، بەرهەم ساڵح-یش وەکو جەلال تالەبانی و نەوشیروان مستەفا ئاستی متمانەی بە رێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە، واتە لە ٥.٧٦٪ بۆ ٥٩٪، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هێشتا ئاستی متمانەکەی زۆر بەرزە و بە جیاوازییەکی زۆر کەم لە دوای مەسعود بارزانی و بە رێژەی ٥٪ لە پێش جەلال تالەبانی و بە رێژەی ٣٠٪ لە پێش نەوشێروان مستەفاوە بوو (بڕوانە وێنەی ٣).

کوسرەت رەسوڵ وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا تەنیا لە دوو راپرسی کۆمپانیای بارومەتر دا پرسیاری لەبارەوە کراوە. جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئاستی متمانە بە کوسرەت رەسوڵ هەیە لە نێوان هەردوو راپرسییەکەدا (تەمووزی ٢٠١١ و تشرینی دووەمی ٢٠١١) کە دەشێ بڵێین لە جیاوازی نێوان رێژەی متمانەی هەموو سەرکردەکانی دیکە زیاترە (جەلال تالەبانی، نەوشێروان مستەفا، بەرهەم ساڵح). لە راپرسی یەکەمدا ٦.٦٢٪ بوو، بەلام لە راپرسی دووەمدا ٢١٪ لە کاتێکدا جیاوازی نێوان دوو راپرسییەکە تەنیا شەش مانگە و هەڵبەت هیچ شتێکیش کە شایانی ئاماژە بێت روونەداوە کە کاریگەری لەسەر متمانەی

کوسرەت ڕەسوڵ هەبێت. بەڵکو هۆکارەکە بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتەوە: یەکەم لە ڕاپرسی دووەمدا نموونەکە لە پارێزگای دهۆکیش وەرگیراوە، کە کوسرەت ڕەسول –یش هاوشێوەی سەرکردەکانی دیکەی یەکێتی لەو پارێزگایە ئاستی متمانەی نزمە. دووەم، کێشەکە لە پرسیار دارشتنەکەدایە. لە یەکەم ڕاپرسیدا پرسیارەکە بەو جۆرە بوو: تا چەند متمانەت بە کوسرەت ڕەسوڵ هەیە؟ لێرەدا ئاستی متمانەی بەرزە، چونکە نموونەکە ناچارنەکراوە متمانەی کوسرەت ڕەسوڵ بەراورد بکات بە متمانەی سەرکردەکانی دیکە وەک ئەوەی لە ڕاپرسی دووەمدا کراوە. واتە ئاستی متمانە بە کوسرەت ڕەسوڵ بەرزە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان چەند سەرکردەیەکی دیکە هەن کە ئاستی متمانەیان لەو بەرزترە و ئەگەر نموونەکە ناچار بکرێت بە هەڵبژاردن لە نێوان سێ کەسدا، ئەوکات ئاستی متمانەکەی دێتە خوار بەوەی کەسی دیکەی بەمتمانەتر هەن.

وینەی (٣) ئاستی متمانە بە سەرکردەکانی کوردستان لە ڕاپرسی دووەم کۆمپانیای بارووەتر




**٦ –سەلاحەدین بەهائەدین و عەلی باپیر**

هەردوو سەرکردەی ئیسلامی (سەلاحەدین بەهائەدین و عەلی باپیر) لە نێو سەرکردە دیارەکانی کورددا کەمترین متمانەیان هەیە، ئەمە لەلایەك و لە لایەکی دیکەوە ئاستی متمانەی هەردوو سەرکردەکە زۆر لە یەکترەوە نزیکە.

تەنیا لە دوو ڕاپرسی کۆمپانیای بارومەتردا پرسیار سەبارەت بە ئاستی متمانەی ئەو دوو سەرکردە ئیسلامیە کراوە، لە ڕاپرسییەکانی دیکەدا پرسیار نەکراوە هۆکارەکەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا پۆستی ئیداری و حکومیان نییە. لە ڕاپرسی یەکەمدا ناوی هەر یەکێکیان بەجیا خراوەتەڕوو و پرسیارەکە ئەوەبوو: چەندە متمانەت بە (سەرکردەکە) هەیە؟ ئاستی

**متمانەی عەلی باپیر ٦.٣٦٪ و ئاستی متمانەی سەلاحەدین بەهائەدین ٤.٣٣٪ کە دوو ڕێژەی لە یەکتر نزیکن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕاپرسی دووەمی کۆمپانیای بارومەترە کە داوا لە نموونەکە کراوە تەنیا سێ سەرکردە دەستنیشان بکات کەوا متمانەی پێیان هەیە، دەردەکەوێت ئاستی متمانەی هەردووکیان ١٥٪ یە، کە ئەمەش نزیکە لە ڕێژەی دەنگی ئیسلامیەکان لە پەرلەمانی کوردستان. بە مانایەکی دیکە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی متمانەیان بەم دوو سەرکردەیە هەیە لە دەنگدەرانی ئیسلامین.**

## ئەنجام

**ئەم توێژینەوەیە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

**(١) متمانەی سیاسی یەکسان نییە بە ڕێژەی دەنگی دەنگدەران .**

**(٢) متمانە بە مەسعود بارزانی لەو سێ ساڵەدا گۆڕانکاری کەمی بەسەرداهاتووە، پێدەچێت متمانەی ئەو کەمتر کاریگەر بوویێت بە ڕووداوەکان. ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکەیەیە کە پێیوایە متمانە بەندە بە کردەی سیاسی .**

**(٣) متمانە بە جەلال تاڵەبانی لە هەڵبەز و دابەزێکی زۆر دایە و دەشێ بە پێچەوانەی بارزانی کاریگەر بوویێت بە ڕووداوەکان.**

**(٤) متمانە بە پەرلەمان لە ئاستێکی نزمدایە. ئەوەش بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکەیەیە کە پێیوایە دەبێت سیستەم پەرلەمانی بێت. بە بیرۆڕای ئێمە ئەگەر بمانەوێت سیستەم بکەینە پەرلەمانی تەواو، پێویست دەکات سەرەتا متمانەی پەرلەمان بەرز بکرێتەوە.**

**(٥) دەسەڵاتی دادوەری متمانەکەی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، کە ئەمەش لەنگییەکی گەورەیە بۆ سیستەمی سیاسی و یاسایی لە هەرێمی کوردستان.**

**(٦) متمانەی سیاسی بە دامەزراوەی ئاسایش و پۆلیش لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئەو سەقامگیریەیە کە لە هەرێمی کوردستان هەیە.**

## ئەنجامگیری

**لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەوەی کە فاکتەرەکانی بەخشینی متمانەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لە نێوان خودی نوخبەی سیاسی و لە نێوان نوخبە و دامەزراوە سیاسییەکاندا جیاوازە. واتە هەمان فاکتەر بۆ دوو کەس یان زیاتر هەمان ڕۆڵی نییە لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی متمانەی سیاسی. هەروەها بەپیی داتاکان و ئەو ئەنجامەی کە لەم توێژینەوەیدا پێی گەیشتین لە هەرێمی کوردستاندا متمانە بە کۆی سیستەمی سیاسی کەمە. متمانەش بە سیستەم لە هەرێم وابەستەیە بە متمانە بە نوخبەی سیاسی و دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان .**

# سەرچاوەکان

(1) :Aberbach, J, D.,Walker, J, L. (1970) 'Political Trust and Racial Ideology', The American Political Science Review, 64(4), PP,1199-1219.

(2) Abramson, P, R., Finifter, A, W. (1981) 'On the Meaning of Political Trust: New Evidence from Items Introduced in 1978', American Journal of Political Science, 25(2), pp. 297-307.

(3) Almond, G, A., Verba, S. (1963) The Civic Culture: Political Attitudes and Democracy in Five Nations, Princeton: Princeton University Press.

(4) Baumert, A., Halmburger, A., Rothmund, T., Schemer, C. (2016) 'Everyday Dynamics in Generalized Social and Political Trust', Journal of Research in Personality, PP, 1-11.

(5) Church, R, M. (2001) 'The Effective Use of Secondary Data', Learning and Motivation, 33, PP. 32–45.

(6) Cole, R, L. (1973) 'Toward as Model of Political Trust: A Causal Analysis', American Journal of Political Science, 17(4), pp. 809-817.

(7) Damico, A, J., Conway, M, M., Damico, S, B. (2000) 'Patterns of Political Trust and Mistrust: Three Moments in the Lives of Democratic Citizens', Polity, 32(3), pp. 377-400.

(8) Ellinas, A, A., Lamprianou, I. (2014) 'Political Trust in Extremis', Comparative Politics, 46(2), pp. 231-250.

(9) Gamson, W, A. (1968) Power and Discontent, Homewood, Ill.: Dorsey.

(10) Hetherington, M, J., Globetti,S. (2002) 'Political Trust and Racial Policy Preferences', American Journal of Political Science, 46(2), pp. 253-275.

(11) Hetherington, m, j., Rudolph, T, J. (2008) 'Priming, Performance, and the Dynamics of Political Trust', The Journal of Politics, 70(2), pp. 498-512.

(12) Johnson, I. (2005) 'Political Trust in Societies Under Transformation: A Comparative Analysis of Poland', International Journal of Sociology, 35(2), pp. 63-84.

(13) Johnston, M, P. (2014) 'Secondary Data Analysis: A Method of which the Time Has Come', Qualitative and Quantitative Methods in Libraries (QQML), 3, pp. 619 – 626.

(14) Judith Pizarro Andersen, J, P., Prause, J., Roxane Cohen Silver, R, S. (2011) 'A Step-by-Step Guide to Using Secondary Data for Psychological Research', Social and Personality Psychology Compass, 5(1), PP. 56–75.

(15) Long-Sutehall, T., Sque, M., Addington-Hall, J. (2011) 'Secondary analysis of qualitative data: a valuable method for exploring sensitive issues with an elusive population?', Journal of Research in Nursing ,16(4), pp, 335–344.

(16) Miller, R, L., D Brewer, J. (2003) The A-Z of Social Research: A Dictionary of Key Social Science Research Concepts, London: SAGE.

(17) Mueller, C. E., Hart, C, O. (2010) 'Effective Use of Secondary Data Analysis in Gifted Education Research: Opportunities and Challenges', Gifted Children, 4(2), pp, 5-11.

(18) Newton, K. (2001) 'Trust, Social Capital, Civil Society, and Democracy', International Political Science Review, 22(2), pp. 201-214.

(19) Rudolph, T, J., Evans, J. (2005) 'Political Trust, Ideology, and Public Support for Government Spending', American Journal of Political Science, 49(3), pp. 660-671.